# بانگەواز

**کۆرو کۆمەڵە بەشەر دۆستەکان !**

**پارێزەرانی مافی مرۆڤ!**

**حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان!**

هەروەك ئاگادارن کۆمەڵێك لە پەنابەران و پەناخوازانی سیاسیی کوردی ئێرانی زیاتر لە ٦٠٠ کەیس و نزیك بە دوو هەزار کەس کە رابردوویەکی دوور و درێژیان لە خەباتی رزگاریخوازانەی گەل و وڵاتەکەمان دا هەیە و هەر کادرو پێشمەرگەو ئەندامی یەکێك لە رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی و ئێرانی بوون، بە هەر هۆیەك بێت ئێستا لەنێو ریزی رێکخراوەکانیان دا نەماون .

بەشێکیان بۆ پاراستنی گیانیان لە دەست تێرۆریزمی نێو دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ دابین کردنی شوێن و ژیانێکی ئەمن و ئارام خۆیان بە ئیدارەی "UNHCR" ی عێراق ناساندووە ، بەڵام بە هۆی بارودۆخی تایبەتیی کوردستانی عێراق و دەست تێوەردانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کاروباری ئەو ناوچەیەو کەمکاری کردنی "UNHCR" لە ئاست گیان و ژیانی پەنابەران لە رێگای نائاسایی یەوە هاتوونە وڵاتی تورکیە و خۆیان بە ئیدارەی "UNHCR" لە شاری "وان " ناساندووە . بەشێکی تر لەم پەناخوازانە دوای پاکانە حیساب لە گەڵ رێکخراوەکانیان بێئەوەی خۆیان بە "UNHCR" ی عێراق بناسێنن راستەوخۆ هاتوونە تورکیە و خۆیان بە کۆمیساریای بەرزی پەنابەران لە شاری "وان " ناساندووە .

ئێستا نزیك بە دوو ساڵە ئەم کۆمەڵە خەڵکە ژیانێکی سەخت و دژوار تێپەر دەکەن، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا ئەم ئیدارەیە لە هیچ بارێکەوە هاوکاری نەکردوون و وڵامی داخوازییە رەواکانی نەداونەوە، تەنانەت بە بەشێکیان "IM" دراوەتەوە پێیان راگەیاندوون دەبێ بگەرێنەوە کوردستانی عێراق.

داوامان لە سەرجەم رێکخراوو ناوەندو کەسایەتییە بەشەردۆستەکان ئەوەیە کە فشار بخەنەسەر ئیدارەی "UNHCR" بۆ ئەوەی لەوە زیاتر لە ئاست ژیان و چارەنووسی ئەم کۆمەڵە پەنابەرە بێتەفاوەت نەبێ و چارەسەرێك بۆ مەسەلەکەیان بدۆزێتەوە.

چاوەڕوانی هاوکاری و بەدەنگەوە هاتنتانین!

**کۆمیتەی پەنابەرانی کوردی ئێرانی- کوردستانی عێراق**

**تورکیە - وان**

**٢٠٠٣/٢/٢٠**